# زمانی کوردی؛ سێ قۆناغی مێژوویی و سێ ئەزموونی نڤیساری

**عوسمان مەحموود عەبدولڕەحمان (ڕێبین) (*)**
**(جوانڕۆ، ڕۆژهەڵاتی کوردستان)**
**( ٢- ٢ )**

هەرچەندە نووسەر و ساغکەرەوەی ئەو شیعرانەی حافز و سەعدی هیچ ئاماژەیەک بە زمانی کوردی و گۆرانی ناکەن و زیاتر جەختیان لەسەر ئەوەیە کە، یان زمانی پالەوییە، یان زاراوەی ناوچەی شیراز و ئەسفەهانە، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە کە بەڕای من هۆکاری سەرەکی بێ ئاگایی ساغکەرەوە بووە لە زمانی کوردی و ئەزموونی گۆران، هۆکاری دووەمیش ئیرادەی ئینکار (خواستی نکوڵیکردن) و سڕینەوە بووە.

یەک لەو نموونانە لە کوردیی گۆراندا هەیە، هەندێ جار لە باتی "من" شاعیر دەڵێ "ئەز" وەک لە شیعرەکانی سەیدی هەورامی و سەرهەنگی دەودانددا، لە موسەلەساتی (سەعدی)شدا زۆر جار ئەز هاتووە، کە ساغکەرەوە وەک حەرفی ئیزافەی فارسی مامەڵەی لەگەڵ کردووە، کەچی ئەگەر بە من واتا بکرێتەوە، بەشێک لە ناڕوونی ماناмان بۆ کەم دەکاتەوە.

بە گشتی من وەک نووسەری ئەم وتارە پێداگری لە سەر کوردبوونی سەعدی و حافز و ئەوحەدی ناکەم و بانگەشەی ئەوەشم نییە کە ئەو شیعرانەیان تەواو کوردی بێت، بەڵکوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە وشەی زۆری کوردییان تێدایە و ئەم وشانەش لەو دێڕە تایبەتانەدا نەبێت لە بەرهەمەکانی دیکەیاندا بەو شێوەیە دەرناکەوێ. بە هەرحاڵ ساغکردنەوەی، کاری ئەو کەسانەیە کاری نوسخە و بەیازی خەتیی دەکەن و لەو کارەشدا شارەزان.

وەک وتمان پانتایی جوگرافیایی بەربڵاو و ڕێژەی ئەو هەموو تێکست و بەرهەمە ئایینی و حەماسی و عیرفانییە کە بە گۆرانی هەن، تەنانەت بوونی کەسانی ناکوردی گۆرانی زان، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە زمانی گۆران، زمانێکی گەورە و ئەزموونێکی چارەنووسسازی زمانی کوردی بووە، کە لە بواری حەماسەدا خاوەن چەندان نوسخە لە شانامەی کوردییە، لەبواری ئاییندا کۆی سامانی ئایینی یاری (یارسان) بەو زمانە نووسراوە، لە بواری

وەرگێڕاندا چەندان تێکست لە فارسییەوە بەو زمانە کراوەتە کوردی، وەک نموونە وەرگێڕانی پەنج گەنجی نیزامی گەنجەویی شاعیری فارس کە لە لایەن خانای قوبادییەوە کراوەتە کوردی، تەنانەت دەنگۆی ئەوەش هەیە کە خانای قوبادی بەو زمانە قورئانی وەرگێڕاوەتەوە، هەرچەندە تا ئێستە هیچ ئاسەوارێک لەو وەرگێڕانە بەشێوەی بەڵگە و نوسخە لە بەردەستدا نییە. بەگشتی زمانی گۆران دەکەوێتە بەکگراوندی مێژوویی جوگرافیایەکی بەرین لە کوردستان، بە تایبەتی ناوچەی کرمانجی خوارو کە ناوەڕۆک و کۆی واتای مەعریفی ئەو تێکستانە ڕەنگ و بۆی تایبەتی زاگرۆس و خەڵکی زاگرۆس نشینی پێوە دیارە.

گۆران لە مەلا پەرێشان و باڵوولی ماسییەوە تا سەرهەڵدانی نالی و سالم و کوردی کە بە سێ کوچکەی بابان ناسراون، تەنیا زمانی نووسین بووە لە پانتاییەکی جوگرافیایی پانوبەریندا و بە سەرهەڵدانی ئەزموونی زمانیی سۆرانی ڕوو لە کزی دەکات.

دەتوانین بڵێین فایلی زمانی گۆرانی لە دەورانی پێش مۆدێرندا دادەخرێت و ئەگەر سووکە درێژەیەکیشی بۆ سەدەی نۆزدە و بیست دەبێت، دیسان لە بواری شیعر و هۆنراوەی بڕگەیی و کلاسیک، بە هەمان ئاراستە و کەشوهەوای سونەتیدایە و بە سەرهەڵدانی ئەزموونی کرمانجی ناوەڕاست، ئیتر بڕی پەخشان و چیرۆک و ڕۆمان و نوێبوونەوەی شیعر و ڕۆژنامەنووسی و گوتاری ڕۆشنبیری و سیاسی سەردەمی ناسیۆنالیزم ناکات، بەڵام بە هەموو ئەمانەوە گۆران کۆنترین و درێژخایەنترین ئەزموونی زمانییە و خاوەن سامانێکی بە نرخ و گەورە و شاعیر و بیرمەندانێکی کەڵەگەتە، کە لە پیرەکانی یارسان و پیرشالیار و مەلاپەرێشانی دینەوەرییەوە، تا دەگاتە سەیدی هەورامی و بێسارانی و ئەڵماس خانی کەنوولەیی و خانای قوبادی و میرزا شەفیعی کولیایی و مەولەوی تاوگۆزی و سەی یاقووی مایدەشتی، تەنانەت تا میرزا ئەحمەدی داواشییش درێژەی دەبێت.

لە ئەنجامدا هەورامیزەکردن، یان ئەوەی کە گۆرانی، تەنیا بە هەورامی بزانین بە هەڵە دەزانم لە بەر ئەوەی هەورامی تەنیا بەشێکە لە ڕەوتی بیچمگرتن و تەواوبوونی زمانی گۆران و هەمووی نییە.

### ٢- کرمانجیی ژووروو

دووەم ئەزموون لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا سەرهەڵدەدات کە مێژووەکەی بۆ شەڕی چاڵدێران دەگەڕێتەوە. لە ڕەوتی مێژوودا، مێژووی سەرهەڵدانی کرمانجی وەک زمانی نووسین بۆ پاش شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ی زایینیدا دەگەڕێننەوە. (خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٦٠) شەڕی چاڵدێران کە لە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا و لە سەر خاکی کوردستان ڕووی دا، لە واقیعدا شەڕی دوو لایەنی سوننە و شیعە بوو، کە ئەگەرچی عوسمانی سەرکەوت، بەڵام بۆ کورد تەوفیرێکی (جیاوازییەکی) نەبوو، لەبەر ئەوەی تەنیا ماڵوێرانی و کاولکارییەکەی بەشی کورد بوو. ڕوودانی ئەو شەڕە بۆ کورد ئەوەندە کاریگەر بوو، کە دەتوانین بڵێین مێژووی کوردی بە سەر دوو قۆناغدا دابەش کرد، واتە قۆناغی پێش شەڕ و دوای شەڕ، بە شێوەیەک کە دەتوانین بڵێین سەرەتای مێژووی تازەی کوردستان، لە کۆتایی ئەو شەڕەوە دەست پێ دەکات. (خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٤٣) مێژووی تازە، واتە ئەو قۆناغەی کە لە پاش شەڕ و

ئـەو هەمـوو کاولکارییـەی کـە لـە نێوماڵـی کـورد و لەسـەر خاکـی کوردسـتان هاتـە ئـاراوە، هـزری مرۆڤـی کـوردی لـە پێوەنـدی لەگـەڵ نیشـتمان و خاکـدا گـۆڕی و ئـەو گۆڕانـەش لـە زمانەکەیـدا ڕەنگـی دایـەوە. بەشـێوەیەک کـە نووسـین بـە زمانـی کـوردی گرنگتریـن ڕووداوی دوای چاڵدێـران بـوو. پ. د. مـارف خەنـەدار سـاڵی ١٥١٦، واتـە سـاڵی کۆتایـی شـەڕی چاڵدێـران، بـە سـەرەتای ڕینێسانسـی زمانـی کـوردی کرمانجـی لـە باکـووری کوردسـتان دادەنێـت. (خەزنـەدار، ٢٠٠١: ١٤٣)

زۆربـەی هـەرەزۆری شـارەزایانی بـواری مێـژووی ئەدەبـی کـوردی، سـەرهەڵدانی عەلـی حەریری (١٥٣٠ – ١٦٠٠) بـە سـەرەتای دەرکەوتنـی کرمانجیـی باکـوور وەک زمانـی نووسـین دەزانـن. یەکێـک لـەو کەسـانەی کـە عەلـی حەریـری بـە یەکەمیـن شـاعیری کرمانجـی دەزانـێ "ئەلێکسـاندر ژابـا" کوردناسـی ڕووسـییە (خەزنـەدار، ٢٠٠١: ١٤٩). حەریـری خەڵکـی گونـدی حەریـر سـەر بـە شـەمزینانی باکـووری کوردسـتانە.

دووەم کەسیش بە پێی سەرچاوە و تێکستەکان، فەقێـی تەیـران (١٥٦٣– ١٦٤١) بـووە کـە گەلێـک تێکسـتی جوانـی هەیـە. وەک زەمبیـل فـرۆش، شـێخی سـەنعان، دمـدم، بەرسیسـی عابیـد، هـەی ئـاڤ و ئـاڤ و دلـۆ ڕابـە. (خەزنـەدار، ٢٠٠١: ١٧٤)، سـێیەم کەسـیش مـەلای جزیـری (١٥٦٧ – ١٦٤٠) و چوارەمیـش ئەحمـەدی خانـی (١٦٥٠ – ١٧٠٦) کـە گەلێـک بەرهەمـی بـاش و بـە نرخـی هەیـە، کـە بەرچاوترینیـان مـەم و زینـە، کـە وەک حەماسـەی مەزنـی نەتەوەیـی ناسـراوە. لـە پـاش خانـی، مـەلای باتەیـی (١٦٧٥-١٧٦٠) سـەر هەڵـدەدات کـە یەکێـک لـە مەولوودنامـە بەناوبانگەکانـی زمانـی کـوردی دەنووسـێت و بـە پێـی بۆچوونـی پرۆفیسـۆر مـارف خەزنـەدار، ئـەو مەولوودنامەیـە کۆنتریـن چیرۆکـی ژیانـی منداڵـی و بەسـەرهاتی پێغەمبـەری ئیسـلامە بـە زمانـی کـوردی. (خەزنـەدار، ٢٠٠١: ٤٠٢)

ئەزموونـی کرمانجـی بـە شـیعر دەسـت پـێ دەکات و درێـژەی دەبێـت و لـە مـەلا مەحمـوودی بایەزیـدی (١٧٩٩ – ١٨٦٧) یەکـەم ئەزموونـی پەخشـانی خـۆی تۆمـار دەکات بـە نـاوی "جامیـع یـێ ڕیسالەیان و حیکایەتـان" کـە لـە پێنـج بـەش پێکهاتـووە و ئـەو پێنـج بەشـەش بریتیـن لە باسـی دۆخـی هـۆزە جیاوازەکانـی کـورد، ناونامـە، ژیـان و بەسـەرهاتی هەشـت شـاعیری کـوردی کرمانجـی پێـش خـۆی، کورتەباسـێک لەسـەر ڕێزمـان، هەروەهـا چـل چیـرۆک و ئەفسـانەی فۆلکلـۆری کـوردی. (شـاکەلی، ١٣٩٩: ٥٣)

بـە گشـتی ئەزموونـی شـێوەزاری کرمانجیـی ژووروو، لـە شـیعری کلاسـیکەوە دەسـت پـێ دەکات و دواییـش ئەزموونـی پەخشـان و چیـرۆک و ڕۆمانـی دەبێـت و تێکـەڵ بـە گوتـاری مۆدێرنـی سیاسـی و ڕۆشـنبیریش دەبێت و یەکـەم ئەزموونی ڕۆژنامەگەریـی کوردیـش تۆمـار دەکات، کـە ڕۆژنامـەی کوردسـتانە و لەلایـەن میقداد مەدحـەت بەدرخانـەوە، لـە سـاڵی ١٨٩٨ی زایینـی لـە قاهیـرەی پێتەختـی وڵاتـی میسـر چـاپ و بـڵاو کرایـەوە.

کرمانجـی ژووروو هەنووکـەش لـە جوگرافیایەکـی پانوبەرینـی ڕۆژاوا و باکـووری کوردسـتان و کوردسـتانی قەفقازدا، ڕۆڵـی زمانێکی پێوەری هەیە و تـا ئێسـتاش لـە ئەزمـوون و مومارەسـەدایە.

### ٣- کرمانجیی ناوەڕاست (سۆرانی)

ئەزموونـی سـێیەم لەسـەر شـێوەزاری کرمانجـی ناوەڕاست پێدەگری و تەمەنـی بۆ نزیکەی دووسـەد و پەنجا ساڵ پێش دەگەڕێتـەوە و کـەم تەمەنتریـن ئەزموونـە. بـە پێـی هەندێـک سـەرچاوە، ئەزموونـی

سۆرانی لە (مەولانا خالیدی شارەزووری)یەوە (١٧٧٩- ١٨٢٧) دەست پێ دەکات و لە (نالی)دا دەگاتە لووتکە، نالی و سالم و کوردی کە بە سێ کوچکەی بابان ناسراون پەرەی پێ دەدەن و وەک زمانێکی ئەدەبی دەیسەپێنن. پەرەپێدانی سۆرانی لە ئەمارەتی بابانەوە دەست پێ دەکات کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بوو. لە بەرانبەر باباندا ئەمارەتی ئەردەڵان هەبوو، کە لە ژێر دەسەڵاتی سەفەویدابوو. زۆربەی جوگرافیای زمانیی گۆران لە ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵاندا بوو.

ئەمارەتی بابان و ئەردەڵان سەرەڕای ئەوەی لە درێژەی سیاسەتە دژ بە یەکەکانی عوسمانی و سەفەویدا وەک دژبەری یەک دەردەکەوتن، لە باری ئایینزاییشەوە ناتەبا بوون. ئەم تەنگژەیە جیا لە ئاستی دەسەڵاتی دوو ئەمارەت، تاڕادەیەکیش ڕیشەی کۆمەڵایەتی و خێڵەکیشی هەبوو، وەک ناتەبایی بابان و جاف لەگەڵ ئەردەڵاندا تا کۆڕی شاعیرانیش پەرەی سەندبوو. شیعرە بەناوبانگە هەجوویییەکەی نالی کە خۆی جافی میکایلی بوو بۆ مەستوورەی ئەردەڵان و دواییش وەڵامەکەی مەستوورە بۆ نالی دەچێتە بازنەی هەمان ناکۆکی و ناتەبایی سیاسی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەزموونی سۆرانی بۆ ئەو ململانێیەی ئەردەڵان و بابان دەگەڕایەوە و هەوڵێک بوو لە پێناو دەرچوون لە ژێر کاریگەریی گۆرانیدا.

ئەم ئەزموونە کە وەک باوە بە سۆرانی ناسراوە و لە شارەزوورەوە و بە بنزاراوەی جافییەوە دەست پێ دەکات و دوایی موکریان و گەرمیان، تەنانەت هەورامان و بەشێکی ناوچەی بادینان و شکاکیش دەگرێتەوە و تێکەڵاوییەک بە هەوێنێکی خەستی جافی و موکری و گەرمیانی دێنێتە ئاراوە. تایبەتمەندیی سەرەکی سۆرانی بە نیسبەت ئەو دوو ئەزموونەکەی تر ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ شیعر، پەخشانیش ئەزموون دەکات و مەولانا خالید بە نووسینەوەی کتێبێک لە ژێر ناوی "عەقیدەی کوردی"، کە کتێبێکی فێرکارییە لە بواری عەقیدەی ئایینی ئیسلامدا (شاکەلی، ١٣٩٩: ٥٢) دەبێتە ڕچەشکێنی نووسینی پەخشانی سۆرانی.

ئەزموونی سۆرانی چونکە لەگەڵ گەیشتنی شەپۆلی بیری نوێ هاوکات دەبێت، زۆر زوو دەبێتە زمانی سیاسەت و ڕۆشنبیری.

سۆرانی بێجگە لە ئەزموونی پەخشان و درێژەی پەخشان نووسیی، دەبێتە ئەو زمانەی کە نەک تەنیا فایلی شیعری کلاسیک دادەخات، لە هەمان کاتدا ڕەوتی نوێبوونەوەی شیعر و ئەدەب لە دووتوێیدا شێوە دەگرێ و لە (شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران و سوارە و قاسم موئەیدزادە)ـەوە ڕەوتی شیعری دەگۆڕێت، تەنانەت لەو نوێبوونەوەشدا دەبێتە خاوەنی دوو قوتابخانەی شیعری کفری و ڕوانگە، هەروەها دوو قوتابخانەی پەخشانی گەرمیان و موکریان. ڕەوتی نوێبوونەوەی شیعری کوردی و سەرهەڵدانی ئەو دوو قوتابخانە شیعرییە، بەڕادەیەک بە هێز دەردەکەوێ، کە کاریگەریی سەر شێوەزارەکانی دیکە زمانی کوردی دادەنێ و لە پاش ماوەیەک جمووجوڵی شیعری نوێی (هەورامی و کەڵهوڕی و لەکی)ش دەردەکەوێت و هەنووکەش لە بزۆزی و بەرهەمهێناندایە. سۆرانی ئێستا، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا، بووەتە زمانی پێوەر و نوێی مرۆڤی کورد، بە شێوەیەک کە بە ئەزموونی ڕۆمان و شانۆ، ڕەوتی بە مۆدێرن بوون بەرەو پێش دەبات. لە پاش تێپەڕاندنی ڕەوتێکی دووسەد ساڵەدا، شێوەزاری سۆرانی بۆ زمانێکی پێوەری خاوەن بەرهەم و کتێبخانە هەڵکشاوە، کە لە دەرەوەی ئیرادەیەکی پلاندارێژ و لە نەبوونی

دەسەڵاتێکی چەقبەستووی سیاسی سەپێنەردا، شێوەی خۆی گرت و لە پاش ساڵی ١٩٩١یش کە هەرێمی کوردستانی باشوور دامەزرا، بوو بە زمانی ئەو دەسەڵاتەش.

ئەوەی زیاتر لە هەر شتێک شایانی ئاماژەیە ئەوەیە کە ئەم سێ ئەزموونە لە سەردەمی پێش مۆدێرن و لە دۆخی سروشتیی ڕەوتی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردیدا، سەریان هەڵداوە و بە دەورانی پێش مۆدێرن و پاش مودێرنیشەوە دەسەڵاتێکی چەقبەستوو و سەنترال (بەناوەند) بوونی نەبووە کە یاسایەک بۆ سەپاندنی شێوەزارێک و بەرتەسک کردنەوەی شێوەزارێکی دی دەربکات، هەرچەندە نابێ ئەوە لەبیر بکەین سەرهەڵدانی شێوەزاری سۆرانی بەشێکی بۆ ڕکابەرییەکانی دوو ئەمارەتی بابان و ئەردەڵان دەگەڕێتەوە و پاش سەرهەڵدانی شێوەزاری سۆرانی لە پانتایی دەسەڵاتی بابانەکان، (نالی) ش وەک کەسێکی نزیک لە دەسەڵاتی بابانەکان، ڕەوتی نووسین بەو شێوەزارە دەگۆڕێ بۆ زمانێکی قورس و قایمی ئەدەبی و بە ئێستاشەوە تێکستی نالی هەر لە لووتکەدایە، بەڵام ئەمە شوێن پێی دەسەڵاتێکی پێش مۆدێرنە و نابێ وەک پلان و پرۆژەی سیاسی چەقبەستووی سەردەمی مۆدێرن بۆ سەپاندنی زمان، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوەش بەشێکی بۆ ئاستی دەسەلات و بەشێکیشی بۆ ماهییەتی دەسەڵاتی پێش مۆدێرن دەگەڕێتەوە. وەک نموونە ئەگەر دەسەڵاتی ئەمارەتی ئەردەڵان بەشی زۆری لە پانتایی جوگرافیای زمانی گۆراندا بووە، ئیرادەیەک بۆ سەپاندنی گۆرانی وەک زمانی دەسەڵات، یان دیوانسالاری بوونی نەبووە و لە پاش ئەو هەموو ململانێیەی کە ئەمارەتی ئەردەڵان و ئەمارەتی بابان پێکەوە هەیانبووە، تەنانەت بە شەڕە شیعرییەکانی مەستوورەی ئەردەڵان و (نالی) شەوە، مەستوورە بە هەر دوو زمانەکە ئەزموونی شیعری هەبووە و کتێبی پەخشانی "مێژووی ئەردەڵان"یشی بە فارسی نووسیوەتەوە. ئەوەیە کە قسە و قسەڵۆکی سەلماندن و سەپاندنی زمانی پێوەر لەلایەن دەسەڵاتێکی سیاسییەوە، بە تەواوی و بە پشت بەستن بەم بەڵگانە، پووچەڵ و بێ بنەما و نازانستییە.

سەبارەت بە سۆرانی وەک زمانی پێوەر، ئەوە دەسەڵاتی کوردیی دیفاکتۆی باشووری کوردستان نییە ئەو زمانەی وەک پێوەر سەپاندووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەوە هێزی ئەو زمانەیە دەسەڵاتی حزبی و سیاسیش ناچار بە پاشەکشە دەکات. هێز و دەسەڵاتی سۆرانی وەک زمانی پێوەر و نوێ بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە:

**یەکەم: هۆکاری مێژوویی:** وەک وترا سۆرانی ئاخرین و نوێترین ئەزموونی زمانیی کوردییە و بوونی دوو ئەزموونی گۆرانی و کرمانجی وەک باکگراوندی مێژوویی، پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ ئەوەی زەرفییەتەکانی باشتر و خێراتر دەربکەوێ.

**دووەم: هۆکاری جوگرافی:** جوگرافیای کوردیی گۆرانی و کوردی کرمانجی لەیەکتر دوور بوونە و ئەو دوورییەش بووەتە هۆی بێئاگایی شاعیران و ئەدیبانی هەردوو ئەزموونە زمانییەکە لە یەکتر. بۆ نموونە هیچ داتایەک لەبەر دەستدا نییە کە خانای قوبادی، یان میرزا شەفیعی کولیایی ئاگاداری تێکستی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی بووبن، بەڵام هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردیی سۆران بە جۆرێکە کە کەوتووەتە ناوەندەوە و لەگەڵ هەردوو جوگرافیای گۆران و کرمانجدا هاوپەڕە، جوگرافیای سۆرانیش بەر لە سەرهەڵدانی سۆرانی، لە ژێر کاریگەریی زمانی کوردیی گۆرانیدا بووە.

**سێیەم: هۆکار:** بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە

سـەرهەڵدانی سـۆرانی، هـاوکات دەبێـت لەگـەڵ گەیشتنی شـەپۆلەکانی دنیـای مۆدێرن و ئامێر و کەرەستەکانی چاپ و ڕۆژنامەگەری و دیسکۆرسـی دەوڵـەت نەتـەوە سـازیدا، کـە زمـان دەکەوێتـە چەقـی ئـەو دیسکۆرسـە نوێیـەوە.

## سێ ئەزموونی زمانی و شوناسی کوردی

بـە پێی ئـەوەی بـاس کـرا، یەکێـک لـە بەرچاوترین خەسـارەکانی نەبوونـی ئیـرادەی پۆلێنـی مێـژوو و ئـەدەب و مەعریفـەی کـوردی، بوونـی چەنـد فاقـی و شـەقی بەرچـاوە لـە نێـوان سـامانی گـۆران و کرمانجـی و سـۆراندا. ئـەو شـەق و دابڕانـە بـۆ ئـەو سـێ ئەزموونـە زمانییـە دەگەڕێتـەوە، کـە هـەر سـێکیان واقیعێکـی حاشـاهەڵنەگرن و نابـێ بـە عیرقی (ڕەگەزایەتـی) ناوچەگەرێتییـەوە مامەڵـەی نازانستی و نەرێتیی لەگەڵدا بکرێت. ئێمـەی کـورد دەبـێ زیاتـر لـە پێشـوو لـە بیـری پۆلێنـی ئـەو سـامانەدا بیـن کـە دەرەنجامـی ئـەو سـێ ئەزموونـە زمانییەیـە. هـەژاری ڕەحمەتـی لـە بەشـێک لـە بەرهەمەکانیـدا لـە پێنـاوی سڕینەوەی ئـەو شـەقەدا هەوڵـی داوە، ئەویـش بـە وەرگێڕانـی (مـەم و زیـن)ی خانـی بـۆ سـەر سـۆرانی، هەروەهـا نووسـینەوەی شـەرحی دیوانـی مـەلای جزیـری بـە سـۆرانی. کـە بەداخـەوە وادەردەکـەوێ هـەژار بـە گوێـرەی پێویسـت و لـە ئاسـتی شـیاوی سـامانی گـەورە و دەوڵەمەنـدی گۆرانـدا، ئـاگاداری ئەزموونـی گۆرانـی نەبـووە، بـەڵام دیـارە کـە پیرەمێـرد ئاگاداریـی هـەر سـێ ئەزموونەکە بـووە و هەمـان هەوڵـی داوە و بـە وەرگێڕانـی مەولەوی و وەلـی دێوانـە و هەنـدێ دەقـی تـر، لـە گۆرانییـەوە بـۆ سـۆرانی و نووسـینەوەی چیرۆکـی (مـەم و زیـن)ی کرمانجـی، بـە پەخشـانی سـۆرانی. بنەماڵـەی (مودەڕیس)یـش بـە نووسـینەوەی شـەرحی دیوانـی شـاعیرانی گـۆران، بـە سـۆرانی هەوڵیـان دەکەوێتـە خانـەی پڕکردنـەوەی ئـەو شـەق و کەلێنـەوە.

بـە پێـی داتـا و تێکسـتەکان ناواخنـی هـەر سـێ ئەزموونەکـە مـۆرک و جەوهـەری ناسـنامە و پێناسـەی کـوردی پێـوە دیـارە، کـە بـە هێنانەوەی نموونـە ئـەو ڕاسـتییە دەسـەلمێ:

نموونەی ئەدەبی گۆرانی:

شاوەیس قولی (١٤٠٧- ١٥١٤)

دەڵێت:

**ئەسڵەمن جە کورد، ئەسڵەمن جە کورد**

**بابۆم کوردەنان، ئەسڵەمن جە کورد**

**من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی گورد**

**سلسلەی سپای زەحاک کەردم هورد** (احمدی، ١٣٩٥: ٧٦)

خانـای قوبـادی (١٧٠٤- ١٧٧٨) بـە ڕوونـی هەسـتی کوردبـوون و ڕێزگرتنـی زمانـی کـوردی وەهـا دەردەبڕێـت و دەڵێـت:

**ڕاسەن مەواچان فارسی شەکەرەن**

**کوردی جە فارسی بەل شیرین ترەن**

**مەعلوومەن جە دەور، دنیای بەد ئەندێش**

**مەحزووزەن هـەر کـەس وە زوان وێش** (احمدی، ١٣٩٥: ١٢٦)

بابا سەرهەنگ دەودان (٩٣٥- ١٠٠٧) دەڵێت:

**سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان**

**ئەز کە ناممەن، سەرهەنگ دەودان**

**چەنی ئێرمانان، مەگێڵم هەردان**

**مەکۆشم پەرێ، ئایین کوردان**

نموونەی ئەدەبی کرمانجی:

مەلای جزیری:

**گوڵێ باغێ ئیرەمێ بوهتانم**

**شەبچراغێ شەبێ کوردستانم**

ئەحمـەدێ خانـی وەک گەورەتریـن بیرمەنـدی نیشـتمانپەروەری کـورد دەڵێـت:

**دا خەلق نەبێژێتن کو ئەکراد**

**بێ مەعریفەتن، بێ ئەسڵ و بونیاد**
**ئەنواعی میلەل خوەدان کتێبن**
**کورمانج تەنێ دبێ حسێبن**

نموونەی ئەدەبی سۆرانی:

نالی:

**تەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وا دەکا**
**یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسەوار**
**بێتەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا**
**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆکردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ، خۆی تالیبی مەعنا دەکا**

مەحوی:

**کوردی زوبانی ئەسڵمە گەر تەرکی کەم بەکول**
**بۆ فارسی، بەکوللی ئەمن دەبمە بێوەفا**

وەک لە نموونەکاندا دیارن، کوردبوون بنەمای سەرەکی هەر سێ ئەزموونەکەیە و لە پەراوێزی وشەی کورد و کوردستان و کوردبووندا ئەگەر جاربەجار وشەی گۆران و کرمانج و سۆرانیش لە تێکستەکاندا دەبینرێ، بە هەمان واتای کوردبوونە.

## ئەنجام

زمان وەک بنەماییترین فاکتەری شوناس و دالی سەرەکی لە دیسکۆرسی نەتەوەسازی و بە نەتەوەبووندا کێش و قورسایی تایبەتی خۆی هەیە، بە شێوەیەک کە ڕوانگەی هەڵە بۆ زمان تووشی خەسارێکی گەورەمان دەکات. نەتەوەی کورد هەر لە بنەماوە خاوەن ئەزموونێکی پلۆرالیستی زمانییە و ئەو ئەزموونەش بۆ شێوەگرتن و گەشەی سێ جۆری زمانی نڤیساری کوردی دەگەڕێتەوە، کە کۆنترین و درێژخایەنترین ئەزموون، گۆرانییە، پاشان کرمانجی و لە دەورانی مۆدێرنیشدا سۆرانی.

نابێ ئەوە لەبیر بکەین، بوونی ئەم سێ ئەزموونە زمانییە دەرفەتە، بەمەرجێ دیسکۆرسی نەتەوەییمان دیسکۆرسێکی ئۆمانیستی، مۆدێرن و پلۆرال بێت، مەترسیشە ئەگەر ڕوانینی نازانستی و ناوچەیی و خێڵەکیمان بێت و بە شێوەیەکی نامیتۆدیک و نازانستییانە و بە بێ تێگەیشتن لە ڕەوتی مێژوویی زمانی کوردی و فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەب و مەعریفەی کوردی، مامەڵە لەگەڵ جیهانی مرۆڤی کورددا بکەین.

ڕوانگەی تاک ڕەهەندی بۆ زمان، هەڵقوڵاوی دۆخی سروشتیی کوردستان و ئیرادەی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردی نییە، بەڵکوو وەک کاریگەرییەکی پۆست کولۆنیال، لە ئەنجامی میتۆدی پاوانخواز و ئیرادەی ڕاسیستی داگیرکەرانی کوردستاندا، بە ئێمە گەیشتووە و نابێ بیکەینە ستراتیژی و پێویستە خۆمانی لێ دەربازکەین.

بۆیە لە دنیای ئەمڕۆدا دەبێ، بە ڕوانگەیەکی دیموکراتیکەوە چاو لە پانتایی زمان بکەین و بەرەو ڕووی هەر چەشنە ئیرادەیەکی سەپێنەر و بەربەست دانەر و خێڵەکی و نازانستی، لە کۆی پێکهاتەی زمانی کوردیدا بین، زمانی کوردی تەنیا یەک زاراوە و یەک شێوەزار نییە و بە هەموو جیاوازییەکانییەوە جوانتر و دەوڵەمەندتر و بە توانستترە و دەبێ دەرفەتی بەرانبەر بۆ هەموو شێوەزار و زاراوەیەک بوونی هەبێت، ئەمە ئانارشیزمی زمانی نییە، بەڵکوو تەیارکردنی بەستێنی پێویستە، بۆ دەرکەوتنی تواناییەکانی زمان کە بە ئاگابوون لەو سێ قۆناغ و سێ ئەزموونەی زمانی کوردی، بە بەرچاوڕوونییەکی زانستییەوە، هەوڵەکانمان لە پێناوی گەیشتن بە زمانی هاوبەش و پێوەر ئەنجامی باشتر و گونجاوتر و تەواوتری دەبێت. لە هەمان کاتیشدا دەبێ ڕووبەڕووی هەرچەشنە عەقڵییەتێک بینەوە کە بە بیانووی ناوچە و شێوەزار و زاراوەوە،

**بە ئاگایی، یان بە نائاگایی هەوڵیان پارچە پارچەکردنی نەتەوەی کورد و زمانی کوردییە.**

**لە کۆتاییدا، ئەگەر کوردیی سۆرانی لە دەورانی مۆدێرن و سەردەمی ناسیۆنالیزمدا پشت ئەستوور بە سامانی مەعریفی و واتایی کرمانجی و گۆرانی و لە پرۆسەیەکی مێژووییدا خۆی بە خاوەن و سونبۆلی ناسیۆنالیزم دەزانێ، سامانی کرمانج و گۆران، خاوەن گەورەترین سامانی مەعریفی، مەعنایی و نیشتمانپەروەرانەیە، کە دەکەوێتە باکگراوندی ناسیۆنالیزمەوە و لە میتۆدی ناسیۆنالیزمی ئارکاییکەوە، تەنیا کوریدۆرێک کە ئێمە بە جیهانی کەونارای کوردەوە دەبەستێتەوە، ئەو دوو ئەزموونەی دیکەن، بەتایبەتی ئەزموونی گۆرانی رۆڵی هەرە بەرچاوی دەبێت.**

*** ماستەری لە زانستی سیاسی هەیە.**

**سەرچاوەکان:**


١ - ئەمیر حەسەن پوور، سەدەیەک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠١٥.

٢ - ئەیووب کوێخا ڕوستەم، گۆران وەک زمانێکی ئەدەبی، سلێمانی، تەژنە، ٢٠١٨.

٣ - محەمەد ڕەسووڵ هاوار، کورد و باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە تا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٠.

٤ - جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، ئەڵمانیا، چاپ بە ئۆفسێت.

٥ - مەسعوود محەمەد، زمانی کورد، وەرگێران لە عەرەبییەوە، حەکیم کاکە وەیس.

٦ - سەلام ناوخۆش – نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٠.

٧ - علی اشرف صادقی (عضو پیوسته فرهنگستان زبان و ادب فارسی)، ابیات شیرازی، سعدی در مثلثات، ویژه نامه، نامه فرهنگستان (زبان ها و گویش های ایرانی) دوره جدید بهار و تابستان ١٣٩١ شماره ١.

٨ - دیوان حافظ، نسخه غنی و محمد قزوینی، به کوشش قاسم مطلق، انتشارات توسعه قلم، قم، ١٣٨٨.

٩ - محمدامین ادیب طوسی؛ سه غزل اصفهانی از اوحدی مراغی، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز؛ زمستان ١٣٤٢، شماره ٦٧؛ صص ٣٨٧ تا ٤٠٠.

١٠ - دوکتور مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کورد، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠١.

١١ - فەرهاد شاکەلی، گێرانەوەی مۆدێرنی کوردی، سنە، بڵاوکەرەوەی مادیار، ساڵی ١٣٩٩.

١٢ - جمال احمدی، تاریخ ادبیات کردی، سقز، نشر گوتار، ١٣٩٥.